جەژنی رەمەزان و هیواکانی کوردستانیان

جەژنەکان، بەتایبەتیش جەژنی رەمەزان و قوربان لەنێو موسڵمانانی کوردستاندا پیرۆزیی تایبەتی خۆیان هەیە، بەوهۆیەشەوە خەڵکی کوردستان بەهەر شێوەو شێوازێک بۆیان لوابێ ئەو جەژنانەیان پیرۆز راگرتووە، هەوڵیان داوە خۆیان تێکەڵاوی جەژن بکەن و ئەرکە ئیسلامیەکەیان جێبەجێ بکەن.

جەژنی رەمەزانی ئەمساڵ کۆمەڵێک پرسیاری تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، ئێمەش بە پێویستمان زانی، لە نزیکەوە خەڵک بەسەر بکەینەوەو سەبارەت بە جەژن و هیواکانی دوای جەژن پرسیاریان لێ بکەین.

یەکەمین رۆژی جەژن، لەبەردەم مزگەوتێکی گەرەکی نەورۆزی شاری هەولێر، لەکاتێکدا خەڵک لە نوێژی جەژن دەهاتنە دەرێ، راوەستاین، سەرەتا جەژنە پیرۆزەمان لێکردن، دوایی رووی پرسیارمان لە **مام حاجی بەکر** کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە: 'جەژنی رەمەزان پیرۆزی خۆی هەیە، واجبی هەر موسڵمانێکە لەو رۆژەدا سەردانی دراوسێ و خزم و برادەرانی خۆی بکات و جێژنانەیان لەگەڵدا بکات، ئەگەر ناخۆشیان هەبووبێ، لەگەڵیان ئاشت ببێتەوەو لێبوردەیی پێشان بدات، هەروەها ئەگەر لە دەستی هات، جێژنانە بە منداڵان بدات، ئەمەش کارێکی باشە، هەم خوا پێی خۆشە و هەمیش خەڵک لە گێژاوو دووبەرەکی دوور دەخاتەوە'

حاجی بەکر گلەیی زۆری لە بەرپرسان هەبوو، ئەو پێیوابوو کە ئەوان بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵنەستاون و رێگەیان لە گرانفرۆشی و بەرزکردنەوەی نرخی کەلوپەل و خۆراک نەگرتووە، ئەو بە داخباریەوە گوتی: 'مانگی رەمەزان مانگێکی پیرۆزە، بەڵام لێیان تاڵ کردین، لەبەرگرانفرۆشی جەژنەکەشیان لێ تاڵ کردین، کەس بە کەس نیە، هەر بابایە بە ئارەزووی خۆی نرخی لەسەر کاڵاکانی دانا، کەسیش پێی نەگوتن لەسەر چاوتان دوو برۆیە؟! کەی بەم شێوەیە شار بەڕێوە دەبردرێ؟ شارێکی گەورەی وەک هەولێر دەبوایە هەزاران چاودێریان بۆ داندرابا، کەچی چاوی خۆیان لێتوقاندو خەڵکیشیان پەرێشان کرد، باوەڕیش ناکەم دوای جەژن شتێکی ئەوتۆ بکرێ کە پێیان بگوترێ هەزار رەحمەت لە مردووتان!'

گەنجێکی تەمەن هەژدە ساڵان بەناوی **ئەحمەد عەلی** کە لە نوێژی جەژن دەهاتە دەرێ، پێیڕاگەیاندین :'من لەبەر خاتری دڵی دایکم و باوکم هاتوومە نوێژی جەژن، بەڵام هاتن بۆ مزگەوت خۆشی پێبەخشیم، هەستم بە برایەتی خۆمان کرد، زۆر خۆش بوو، ئەوەی یەکتریشی نەدەناسی هەر جەژنە پیرۆزەیان لەگەل یەکتردا دەکرد، بەوهۆیەشەوە برایەتی بەهێز دەبێ' ئەو گەنجە سەبارەت بە ئاواتەکانی دوای جەژن، بەم شێوەیە دوا: 'ئاواتەکانمان هەموو سیس بوونە، ئێستا تاکە ئاواتم ئەوەیە کە شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق دروست نەبێ، چونکە هەڵەیەک سیاسیەکان لە سەرەتای رووخانی سەدام حوسێن کردوویانە، ئێستا دەبی ئێمە باجەکەی بدەین، ئاخر ئەگەر شەڕ دەست پێبکات، ناچار دەبین کە بچین و بەرگری بکەین، ئەوەش بە قازانجی سەرکردەکان تەواو دەبێ، منیش نامەوێ ئەوانە لەسەر کورسی بمێننەوە کە لە سیاسەتدا کورتبین و کەم توانان'

هەر لەبەر دەرگەی ئەو مزگەوتەدا کاک سەنگەر رەحمان قسەی بۆ کردین و گوتی: 'جەژن خۆشە، هەر هیچ نەبێ هەر سێ رۆژی جەژن کارەبامان دەبێ و تێر سەیری تەلەفزیۆن دەکەین، هەرچەندە تەلەفزیۆنەکان بەرنامەی خۆشیان نیە، بەڵام ئەو کۆنسێرتانە پەخش دەکەن کە شەوانی جەژن لە رێستۆرانتەکان بەڕێوەدەچن و ئێمەش ناتوانین بچین لە نزیکەوە بیان بینین، هەروەها خۆشییێکی دیکەی جەژن ئەوەیە کە سۆزو بەزەییت بۆ هەژاران دەبزوێ، من بۆخۆم لەم جەژنەدا هەرچیم لە دەست هاتبێ بۆ هەژاران کردوومە، خۆزگە زیاترم لەدەست هاتبا، بەڵام هەر کەسەو بە گوێرەی توانای خۆی، ئەمەش نیشانەی مرۆڤ بوونە، ناکرێ ئێمە خواردنی خۆش بخۆین و دراوسێکەشمان کە هەژارن هیچ نەخۆن، من هیوادارم کە هەموو خەڵک ئاوڕ لە هەژاران بدەنەوەو کۆمەکیان پێ بکەن، هەرچەندە باش دەزانم کە بە کۆمەکی خەڵک ئەو هەموو هەژارە تێر ناکرێن، ئەوە ئەرکی حکومەتە کە پلانرێژی بکات و هەژاری و نەداری ریشەکێش بکات، خۆ حکومەتی هەرێم زۆر دەوڵەمەندە، بودجەی دەیان تریلیۆن دیناری هەیە، نازانم بۆچی هەوڵی دابینکردنی مووچە بۆ هەژاران و نەداران نادات؟!'

بۆ تەواوکردنی رەپۆرتاژەکەمان سەردانی ماڵە خزمانمان بە دەرفەت نازانی تا رای ئەوانیش وەربگرین، لەگەڕەکی ئازادی شاری هەولێر، رووی پرسیارمان لە خوشکە **نەجیبە عەبدولقادر** کرد، ئەو گوتی: 'جاران جەژن خۆشبوو، بەڵام ئێستا تامی نەمایە، سۆزو بەزەیی کەم بۆتەوە، سەردانی خزمانیش وەکو جاران نیە، هەرکەسەو خەمی خۆیەتی، حکومەتیش ئاگای لە خەڵکی برسی نیە، هەندەک حزب هەن جەژنەکان بە دەرفەت دەزانن و دێن شان و شەوکەتی خۆیان پێشانی خەڵک دەدەن، بەڵام خەڵک هۆشیار بۆتەوە، دەزانێ کە ئەو حزبانە لە گیرفانی خۆیانەوە بە هەژارانی نادەن، ئەمن پێموایە کە سەرفترەو زەکاتی وڵاتانەو بە مراکە چایە بەسەر خەڵکی هەژاری دابەش دەکەن، تەنیا ئاواتیشم ئەوەیە کە مامەو کاکە هەمیشە بەخۆشی بەیەکەوە دابنیشن وپێبکەنن و بیر لە شەڕی براکوژی نەکەنەوە، ئەگەر ئەوان تەبابن، کورد هیچ گرفتی نیە'

هەندێک لەوانەی کە ئێمە قسەمان لەگەڵدا کردن، گلەیی زۆریان لە کۆڕەک تیلیکۆم و ئاسیاسێل هەبوو، پێیانوابوو کە بەباشی خزمەت ناکەن، کاک هەڵکەوت محمەد گوتی: ' ئەمڕۆ تەلەفۆن بە زەحمەت وەردەگیرێ، تەنانەت کورتە نامەکانیش نارۆن، ئەگەر بڕۆنیش ناگەن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو کۆمپانیایانە لە توانای خۆیان زێدەتر سیم کارتیان فرۆشتووە، ئەگەر بەگوێرەی ئەندازەی توانای خۆیان سیم کارت بفرۆشن هەرگیز هێڵەکان مەشغول نابن، بەئاسانی دەتوانی پەیوەندی بەیەکتریەوە بکەیت، بەڵام باوەڕتان هەبێ، بەیانیەکەی نیو سەعات زیاتر هەوڵمدا ئەوسا توانیم تەلەفۆن بۆ براکەم بکەم کە لە سویدە' ئەو بەڕێزە دەیگوت: 'تەلەفۆن بۆ ئەوەیە رێگەدووەرەکان کورت بکاتەوە، بەڵام ئەگەر لە رۆژی جەژندا بە دەستیەوە خەفەتخانت بکات، چ سوودێکی دەمێنێتەوە؟! هەروەها سەبارەت بە ئاواتی دوای جەژن، ئەو گوتی: ' لەرێگەی کەسێکەوە بڕیاروایە ڤیزەی شینگنم بۆ وەربگرن، ئەگەر وەرگیرا یەکسەر بەرەو ئەوروپا دەڕۆم، هەرچەندە دەزانم کە وڵاتانی ئەوروپا بەزەحمەت ئیقامە دەدەن، بەڵام هەر هیچ نەبێ لە دەستی بێ کارەبایی و بێ ئاوی دەربازم دەبێ؟!'

خوشکە **بەفرین.ر** سەبارەت بە جەژن گوتی: 'ئەم جەژنەمان لێ تاڵ بوو، چەند رۆژێک بەر لە جەژن بە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل برا تاقانەکەم گیانی لەدەست دا، ئیستا خۆم ئامادە کردووە، بەنیازم لەگەڵ ماڵی خوشکم بچین بۆسەر قەبران، دوایی بەیەکەوە دەچین بۆ ماڵی براکەم، تاکە ئاواتیشم ئەوەیە کە برازاکانم ژیانیان لێ تاڵ نەبێ، ئەوان هەموویان وردن، منداڵە گەورەکەی تەمەنی ١٢ ساڵانە، ئەمەش برینێکی گەورەیەو بە ئاسانی سارێژ نابێ، بەڵام لە گەڵ کاری خوای هیچ ناکرێ!!'

بێگومان کێشەو گرفتەکانی خەڵک لەگەڵ جەژن کۆتا نابن، هەرچەندە کە کوردستانیان هیواخوازن کە دەرگەی خۆشیان لێبکرێتەوەو داهاتوویان رەنگین و درەوشاوە بێ، بەڵام خۆزگەو ئاواتەکان بەتەنیا بەس نین، ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی هەوڵ نەدات و تێنەکۆشی، لەم بارەیەوە **مامۆستا عومەر** گوتی: 'من پێموایە کە مرۆڤ خۆی رادەستی قەدەر نەکات، دەبێ بۆ خۆی تێبکۆشی و هەوڵی دابینکردنی داهاتوویکی باش بدات، ئاخر نابی ئێمە دابنیشین و بڵێین خوا گەورەیەو ئاوڕمان لێدەداتەوە کێشەکانمان چارەسەر دەکات، راستە بەهیوابوون شتێکی باشە، بەڵام پاڵدانەوە خراپی لێدەکەوێتەوە'

مامۆستا سەبارەت بە باوەڕی خەڵکی ئاسایی گوتی: 'لەدێرزەمانەوە وا بیرکراوەتەوەو وا فێرکراوین، بەڵام دەبێ ئەو پەندە کوردیە بکەین بە سەرمەشقی کارەکانی داهاتوومان کە دەڵێ "دەستی کەس پشتی کەس ناخورێنێ" ئەمەش هاندەرێکە تا مرۆڤ بۆخۆی بەدوای هیواو ئاواتەکانی خۆی رابکات، ئەگەر بۆخۆی بیر لە دوارۆژی خۆی نەکاتەوە، بۆچی خەڵک لەجیاتی ئەو بیربکاتەوەو هەوڵی بۆ بدات، من هیوام زۆرە کە دەتوانین بەسەر کێشەو گرفتەکانمان سەربکەوین، ئەویش بەو مەرجەی کە خۆمان نەدزینەوەو هۆشیارانە رەفتار لەگەڵ رەوشەکەدا بکەین، ئاواتی هەموومان سەربەخۆیی و رزگاربوونە، تا وڵاتێکی سەربەخۆمان نەبێ، کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتیشمان چارەسەریان بۆ ناکرێ و زێدەتر دەبن، هەموو شتەکان بە ئیرادی مرۆڤەکان بەستراونەتەوە، کەواتە ئەرکی حکومەت و راگەیاندنەکانە کە هیواو ئومێد بۆ خەڵک زیاد بکەن و داهاتوویان لێ رەش نەکەن'

لەناو پارکی منارەی شاری هەولێردا چەند منداڵێکمان دواند، ئەوان جەژنیان لە خۆراک و پۆشاک و یاری کردندا دەبینیەوە، سەرهەنگی ١٠ ساڵە پێیوابوو ئەم جەژنە زۆر خۆش بووە، چونکە خواردنێکی خۆشی خواردووە، جلوبەرگی نوێی بۆ کراوە، پارەشی پێدراوە کە لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا بچێتە دەرو یاری بکات، بەڵام شێرکۆی ١١ ساڵانە دڵی بەوە خۆشبوو کە باوکی پایسکلی بۆ کڕیوەو مۆبایلێکیشی پێشکەش کردووە. زۆربەی ئەو مێرد منداڵانەی کە ئێمە قسەمان لەگەڵدا کردن، بیریان لە تام و چێژی خواردنی ئەو رۆژەو دیاریەکانیدا دەکردەوە، تەنیا شەماڵی ١٤ ساڵە نەبێ کە پێیوابوو ئەو رۆژە دەستکەوتی باشی دەبێ و دەتوانێ زۆربەی چوکلێت و لوقم و شیرناتیەکانی دیکەی بفرۆشێ، ئەو هەر بیریشی لە جەژن نەدەکردەوە، ئەو دەیگوت: 'جەژن ئەوەیە قازانجێکی باشم بکەم و بتوانم زۆر بفرۆشم و پارەیەکی باش کۆبکەمەوەو کرێی خانووەکەمانی پێبدەم. ئەو دەیگوت: 'بەڵێنمان بە خاوەن خانوو داوە کە رۆژی دووەمی جەژن کرێی بدەینێ، بۆیە جەژنی من ئەوەیە ئەمڕۆ زۆر بفرۆشم و کرێکە پەیدا بکەم، دەنا ژیانمان لێ تێکدەچێ، خاوەن خانوو خزمی خۆمانە بەڵام ئەگەر کرێی نەدەینێ دەرمان دەکات'

ئامادەکردنی: شادان و شەپۆل

خەمی ئەوانەی چاوەڕوانی دیپۆرت کردنەوە دەکەن

ئێستا بەهەزاران کوردستانی لە وڵاتانی ئەوروپادا هەناسە سارد ماونەتەوەو مافی مانەوەیان پێنەدراوەو هەڕەشەی دیپۆرت کردنەوەیان لەسەرە. وێرای ئەوەی کە رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و کۆمیتەکانی پەنابەران هەوڵی خۆیان دەدەن و دەیانەوێ کۆمەک بە پەنابەران بکەن، بەڵام حکومەتەکانی وڵاتانی ئەوروپا بەبیانۆی ئەوەی کە باشوری کوردستان ئارامەو هەڕەشەی مەرگ لەسەر کەس نیە، لەهەوڵی ناردنەوەی ئەو کەسانەن کە داوای پەنابەرێتیان رەت کراوەتەوە.

بەگوێرەی سەرچاوەکان بەتەنیا لە وڵاتی سویددا زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس هەڕەشەی ناردنەوەیان لەسەرە، لەوڵاتانی دیکەی وەکو نۆرویژ و بەریتانیاو ئەڵمانیاو هۆڵەندا هەمان مەترسی لەئارادایە، پەنابەران گیریان خواردووەو نازانن چی بکەن، بۆ بەدواداچوونی ئەم کێشەیە بەپێویستمان زانی چەند کەسێک بدوێنم کە لە وڵاتی سوید مافی پەنابەرێتیان پێنەدراوە، هەندێکیان هێشتا هیوایان هەیە کە دادگەی تێهەڵچوونەوە بە چاوی سۆزو بەزەیی ئاوڕیان لێبداتەوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان تەواو نائومێدن و خۆیان شاردۆتەوە، لەوە دەترسن کە ئەگەر پۆلیس بیانگرێ، یان شوێنی حەوانەوەیان پێ بزانێ، بیانگرێ و دیپۆرتیان بکاتەوە.

هەردی رەئوف یەکێک لەوانەی کە ئێستا لە ترسی پۆلیس خۆی شاردۆتەوە، بە **رۆژی گەل**ی راگەیاند: 'ماوەی دوو ساڵە هاتوومەتە سوید، تەنیا دوو مانگ بە ئاسودە دانیشتم، دوایی دەرکەوت کە من پەنجە مۆری یۆنانم هەیە، بڕیاری دیپۆرت کردنەوەم دەرچووە، ئەوان دەیانەوی یان بگەڕێمەوە یۆنان یان بچمەوە کوردستان، ئەمە بەلای منەوە پەسند نیە، من زیاتر لە دەفتەرێک دۆلارم سەرف کردووە تا گەیشتوومەتە ئێرە، هێشتا قەرزەکەم نەداوەتەوە، چۆن دەتوانم بگەڕێمەوە؟!، دایکم و براکانم زۆر لە من نیگەرانترن، بەردەوام تەلەفۆنم بۆ دەکەن، بەڵام نەک ئەوان، پارێزەرەکەشم هیچی لەدەست نایەت، رێنوێنی کردووم کە جارێ خۆم بشارمەوە، ئەو دڵنیایە ئەگەر بگیرێم یەکسەر رەوانەی یۆنانم دەکەنەوە'

کاک هەردی هەرچەندە کە لە پۆلیس قاچاغە، بەڵام دیسانیشەوە بە دزیەوە کار دەکات، سەبارەت بە کارکردنەوە گوتی: 'بەرەش لەلای کابرایێکی پاکستانی کار دەکەم، رۆژانەکەم زۆر کەمە، بەڵام هەر باشە دەتوانم کرێی خانووەکەمی پێبدەم و خواردنی خۆشمی پێ دابین بکەم، بەڵام ناتوانم هیچ رەوانە بکەمەوە'

شۆخان کچێکی تەمەن ٢٧ ساڵانەیەو کۆلیژیشی تەواو کردووە، ئەو بە قاچاغ خۆی گەیاندۆتە سوید، بەوهیوایە بووە کە ژیانێکی ئاسوودە وەدەست بێنێ، بەڵام بەخت یاری نەبووەو وەڵامی نەرێی وەرگرتۆتەوە، داواشی لێکراوە کە وڵات جێبهێڵێ، بەڵام ئەو زۆر نیگەران نیە، چونکە پێیوایە کە هێشتا ئومێدی ئەوە ماوەتەوە کە بە کەیسەکەی دابچنەوەو مافی مانەوەی پێبدەن، ئەو دەڵێ: ' خوا براکەم بگرێ کە تووشی ئەوروپای کردم، ئەو لەبەر خاتری خۆی منی هێنایە ئەوروپا، بەڵام ئێستا ژنەکەی قەبوڵ ناکات، من لەگەڵ ئەواندا بژیم، هەروەها ناشتوانم بەتەنیا خانوو بگرم، چونکە من بێکارم و تەنیا پارەی میگراشۆن (بەڕێوەبەرێتی پەنابەران) وەردەگرم، ئەوەش کەمە، ئێستا لەگەڵ ژنێکی ناسیاومدا دەژیم کە منداڵێکی هەیەو شووەکەشی لە کوردستانە، ئەگەر شوەکەی بگاتە سوید، ئێرەشم لێ تێکدەچێ، ناشویرم بچمەوە کامپ، چونکە بۆ دیپۆرت کردنەوە ئاسانە، زووتر دەستیان دەمگاتێ، راستیەکەی لەم ژیانە بێزار بوومە، بەڵام هیچ چارەیەکیشم نیە، هەردەبێ چاوەڕوانی قەدەر بکەم'

مامۆستایێک کە نەیوست ناوی بنووسرێ، رایگەیاند کە ماوەی ٩ ساڵە لە سوید دەژی، بەڵام داواکە یرەتکراوەتەوە، ئەو دەڵێ: ' دوای ماوەیەکی زۆر ئەوسا ئیقامەی یەک ساڵەیان پێدام، لەو ساڵەدا تەنیا ئەوەم بۆ کرا کە سەردانێکی کورستان بکەم و منداڵەکانی خۆم ببینم، بەڵام تا من معامەلەی خێزانم کرد، ئیقامەکەم تەواو بوو، نوێ نەکرایەوە، ئیدی داوای هێنانی ئەوانیش رەتکرایەوە، بەو هۆیەوە دووچاری نەخۆشی هاتووم، رۆژێک ساغ و دوو رۆژ نەخۆشم، کەچی هاوسەرەکەم و خزمەکانم پێم باوەڕ ناکەن، ئەوان پێیان وایە کە من بە ئاسودە دەژیم، تا ئێستا دەیان جار ئۆڤەر کلاگەم کردووە، واتە ئیعترازم کردووەو بە کەیسەکەم داچوونەتەوە، هەرچەندە بەڵگەی باشیشم هەیە و نێشان دەدات کە من لە کوردستان کێشەم هەیە، کەچی بە کوردستان کێشەم هەیە، کەچی باوەڕ ناکەن و وەڵامی ئەرێم نادەنەوە، هەر داوا دەکەن کە لەم وڵاتە بچمە دەرێ، منیش نازانم بچ کوێ سەری خۆم هەڵبگرم، ئەگەر دەگەڕێمەوە کوردستان ماڵوێران دەبم، تازە لەوێ هەڵناکەم، ئەگەر دەمێنمەوە، دەترسم رۆژێک دیپۆرتم بکەنەوە'

ئێستا کوردستانیانی وڵاتانی ئەوروپا بۆ پشتیوانیکردن لەو پەنابەرانەی کە هەڕەشەی دیپۆرتکردنەوەیان لەسەرە کۆمیسیۆنیان پێکهێناوە، پەنابەران کۆدەکەنەوەو رێپێوان دەکەن، بەڵام بەڕێوەبەرێتی پەنابەران گوێ لە داخوازی ئەو کۆمیتەو کۆمیسیۆنانە ناگرێ، شێلگیرانە داوا لە پەنابەران دەکات کە خۆبەخشانە مل بۆ دیپۆرت کردنەوە بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش پۆلیس راسپێردراوە تا بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێ کە خۆیان شاردۆتەوەو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان گۆڕیوە.

پەنابەران بەغداد و هەولێر بەوە تۆمەتبار دەکەن کە هاودەستی لەگەڵ حکومەتانی ئەوروپا دەکەن و پێشنیاری ناردنەوەیان پێ دەکەن، بۆیە حکومەتەکان پێداگری لەسەر دیپۆرتکردنەوە دەکەن، ئەمەش لەلایەن حکومەتی هەرێم رەت دەکرێتەوە.

شاناز محەمەد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com